# شیعری کەنەدی

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە
نالە حەسەن

## پێستەکان

هەموو شتێك داپۆشراوە
هەموو شتێك ,
بەرد
وەهەروەها
قەوزە
گۆپکە
ژن
خۆیان خۆیان دادەپۆشن
بە بەفر , بە سێبەر

خودی پیاو خۆی
نیوە سێبەر
نیوە خودی خۆی
دەرۆنە خوارەوە
تا هەست بە گۆپکەکان بکەن
رەگی نێو سێبەرەکەی
ژنێك لە نێو خودی ئەودا .

بەرد بەفر دەبا
زەویش بەرد

قەدێکی ڕەش
قەدێکی ڕەش
ئاوی قوڵاییەکانی پیادا دەڕوا .

دیرك وینارد

# ژن

ئەوان کراوەن , ئاڵۆز و پەرژین ڕێژن
ئەوان خودێکی کراوەن , ئاڵۆز و پەرژین ڕێژیشن
ئەوان پەرژین ڕێژن
ئەوان کراوە و ئاڵۆزن ...

ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە کراوەبوون , ئاڵۆز و پەرژین ڕێژ
ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە لە نێو کۆمەڵە دارێك دا
ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە لە نێو گەڵا تۆخەکان دا
ئێمە ئەوانمان دۆوییەوە لە نێو کۆمەڵە دارە تۆخە درکاوییەکان دا .
ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە لە نێو کۆمەڵە دارێك کە هەموویان یەك دار بوون

ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە بە کراوەیی بە ئاڵۆزی
ئێمە لە نێو ئەوپەری کرانەوەی خۆمان ئەوانمان دۆزییەوە , ئاڵۆز بوون لە بینین دا
هەندێ جار ئێمە کراوەین , ئەوان ئاڵۆزن
هەندێ جار ئەوان کراوەن , ئێمە ئاڵۆزین
هەندێ جار ئەوان زووتر ئێمە دەدۆزنەوە و بە دەستمان دێنن
هەندێ جار ئێمە ئەوان بە دەست دێنین بەبێ ئەوەی هەرگیز بیاندۆزینەوە ,

بۆ چوونە نێو کرانەوەی ئەوان , نێو ئاڵۆز و پەرژین ڕێژیان
پێویستە ئێمەش کراوە بین , ئاڵۆزبین وەك ئەوان

ئێمە دەبێ زۆر کراوە بین , ئالۆز بین
ئێمە دەبێ کۆمەڵە دارێك بین .

ئێمە دەبێ کۆمەڵە دارێك بین لە یەك داردا
ئێمە دەبێ هەموومان یەك دار بین ....

ریچارد سۆمێر

## لە ژێر شانم دا بخەوە

لە ژێر شانم دا بخەوە
وەك ئاسکێکی بنار گردێك

کەسێك نیە لەم دنیایە تێبگا
جگە لەوەی
کە چۆن بەبێ ئێمە گەشە دەکا .. ؟
هەموومان دەتوانین خەیاڵ بکەین
کە دنیا بەردەوام دەبێت
ئەوکاتانەی ئێمە نووستوین
هەرچەندە باوەریش ناکەین

یەکێك بە ئاگا بێت و بروانێ
ئەوکاتانەی ئێمە نووستوین
ئەستێرەکان نارۆنە بەهەشتێکی تر

یان ئەوکاتانەی ئێمە نووستوین
دنیا لە چاوەروانی دا دەبێت , تا بەیانی
وەك چەقاوەسووی نێو کۆڵان
دڵ پر لە رق و تاوان و داروخاو

**ئێمەش پرچەك دەبین لە نێو خەونەکانمان**

**دە لە ژێر شانم دا بخەوە**

**ئەوکاتانەی لە خەیاڵی ئەستێرەکان رادەمێنم**

**من باوەرم بە شتێك نیە کە نەیگرمە دەست**

**من باوەرم بە تۆ هەیە , ئەوکاتانەی تۆ لێرەیت !**

**سێد مارتی**

**سەرچاوە :**

The Poets of Canada
Edited by :
John Robert Colombo